# نامەیەك بۆ نەوزاد هادی و كاك نێچیرڤان بارزانی

**باوكی شەهیدێك**

لەم چەند رۆژانەی رابردوودا ، سەردانێكی كاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرم كرد ، مەبەستم بوو بزانم ئاخۆ هەڵوێستی سەبارەت بەم مەسەلەی بەچكە ئەنفالەو گواستنەوەی خزمەتی شەش ٦ ساڵ جاشایەتی بۆ ٦ شەش ساڵ پێشمەرگایەتی ،دەڵێ چی؟؟هەموو قسەكانی ئەوە بوو ، كاكە ئەوانەی ئەم قسانە دەنووسن جەلالین!! بێئەوەی ئەو راستیانە بلّێ كە ئەویش (خودی پارێزگار) لە ئێمە باشتر دەیزانێت. لەبەرئەوە جەنابی پارێزگار ناچاری كردم ئەم چەند پرسیارەی لێ بكەم:

١-باوكی ئەو كورە هەتیوە سەرۆكی جاش بووە،یان نا؟

٢-باوكی ئەو هەتیوە ٧ حەوت نۆتی شوجاعەی وەرگرتبوو یان نا؟ باوكی ئەو دەمرووتە لە پرۆسەكانی ئەنفالدا بەشداری كردبوو یا نەیكردبوو، دەیان كەسی بە ئەنفال كردن دابوو یان نەداوە؟

٣-ئەوهەتیوە خۆی ، بۆ لێی ناپرسی تۆ كواو چۆن و لە كوێ پێشمەرگەبووی؟ ئەی ئەم ٦شەش ساڵ جاشایەتییەی چۆن و كوێ بۆی كرد بە خزمەتی پێشمەرگایەتی؟

٤-ئەم پرسیارانەی سەرەوەش هەمووی بخە گیرفانتەوە، چونكە وەك خۆت بەهانەی بۆ دەهێنی و گوتوتە ئەمانە جەلالین!!كە زۆر بە داخەوە

نەك هەر جەلالی نین ، بەڵكو قوربانی زۆریشیان بۆ پارتی داوە، بەڵام ئەمە زەمانەیەو ئەم نانە نانە ئەورۆ لە خوانە.

ئێستا چەند پرسیارێكی ترت لێدەكەم، بزانین بۆ ئەمانە دەڵێی چی؟بەڵام بابەتیانەو واقیعبینانە وەڵام بدەوە:

١-بارزان مەلا خالد،خەڵكی نزیكی ئەم ئەنفالچیانەیەو زۆر لە جەنابت باشتر ئەم بنەماڵەیە دەناسێ، بەڵام تا سەر ئێسقان دژی ئەو ئەنفالچیەیە، خۆ ناشێ بفەرمووی بارزان یش جەلالیە،چونكە بارزان و باوكی و ئەم بنەماڵەیە هەموو ژیانیان لەسەر پارتی و كوردایەتی داناوە،بارزان شۆڕشگێڕو تێكۆشەری دەشتی هەولێرەو،بە قەد تەمەنی نەبەز پێشمەرگە بووەو پارتیش بووە، دەبوو ئێستا ئەو پارێزگار بوایە، بەڵام لەبەر هەڵوێستە شۆڕشگێڕەكانی نایكەن بە پارێزگار،دە سەرنجێكی ئەو وەرگرە ، ئاخۆ ئەو تێكۆشەرە دەڵێ چی؟

٢-كاكەمین نەجار كە ئەندامی سەركردایەتی پارتیە و برای شەهید حەسەن نەجارەو، ئەویش هەر بە خەڵكی دەشتی هەولێر حسابەو، ئەو بنەماڵەی ئەنفالچیە باش دەناسێ، ئیستا بەرپرسی حزبی دەشتی هەولێریشە، كە ئەو كوڕە ئەنفالچییەت دانا،پرسێكت پێكرد؟ چونكە كاكەمینیش زۆر دژی كۆنە بەعسیەكانە، جا نەخاسمە ئەنفالچی؟؟

٣-نەجات عەلی فاتم ، ئەویش خەڵكی دەشتی هەولێرەو ٤ چوار جار بریندار بووە لەسەر پارتی و، كۆمەڵێك شەهیدی داوە ، دە جارێك دڵی بكەوەو بیدوێنە ، بزانە برینەكانی هەر چوار جاری ، برینی شەهیدەكانی ، دێنەقسە یان نا.

٤-ئاسۆ کەریم ، خەڵکی دەشتی هەولێرەوبە قەد تەمەنی ئەو بەچکە ئەنفالچیە ، پێشمەرگە بووە، دەزانی لە کەیەوە؟ لەسەردەمی قیادە مۆئەقەتەوە، جارێك لەگەڵی دانیشتووی بزانی هەڵوێستی ئەو چۆنە؟
٥- فوئاد سدیق ، ئەویش خەڵکی دەشتی هەولێرەو،پێش راپەرینیش پێشمەرگە بووەو چەندین شەهیدیشی هەیە ، لە نووسینەکانی زۆر دژی کۆنە بەعسیەکانە ، بۆیە بڕوا ناکەم ، بەم وەزعە رازی بێت، بڕوا ناکەم جەنابی پارێزگار تۆش لەبارەی دەشتی هەولێر قسەو سەرنجی هیچ کام لەمانەت وەرگرتبێ، یا هەر پرسیشت پێ کردبن!!
٦- فەرهاد کەرزۆری، ئەویش خەڵکی دەشتی هەولێرەو لە کارەساتی شوباتیشدا بریندارببوو، پێشتر لە لیژنەی ئەمنی پارێزگا بوو، ئاگاداری زۆر شت بوو، هەڵوێستی شەهیدی زیندوو مەهدی خۆشناو یش دەزانێ کە چەندە دژی ئەو بەچکە ئەنفالە بوو ، رۆژانە هەزار کفری دەکردو لەبەردەمی دەیان کەس دەیوت چۆن دەبێ ئەم جاشە ببێتە بەڕێوەبەری ناحیە، ئەوانە بە بنەماڵە خائینن ، ئەنفالچین ، ئەمانە هەمیشە دوژمنی میللەتی کورد بوونە. هەر ئەم هەڵوێستانەش بوو، وای کردبوو هەمووکەس مەهدی خۆش بوێ،کە شەهیدیش بوو هەموو کەس بۆی گریاو هەمووکەس لەماڵی خۆی پرسەی بۆ دانا، تەنها ئەنفالچییەکان و ئەو کوڕە ئەنفالچیە نەبێ . دە جارێك لە فەرهاد بپرسە بزانە ئەو قسانە چەند راستن .
لە دۆماهیدا قسەکانم خزمەت بە ئێوە دەکات ، ئەگەر بە قسەم بکەن ، ئەگەر نا خەتا لە خۆتان .